بانکی ناوەندی: هیچ گۆڕانکارییەک لە نرخی فەرمی دۆلاردا ڕوونەداوە



بانکی ناوەندیی عێراق یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی لێدوای بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار بەاوکردووە و ڕایدەگەیەنێت، بەرزبوونەوەی نرخ پێیوەندی بە جێبەجێکردنی باجی گومرکییەوە هەیە و نرخی ڕەسمی وەک خۆی ماوەتەوە.

ئەمڕۆ چوارشەممە 7ی کانوونی دووەم، لە ڕاگەیەندراوەکدا بانکی ناوەندیی عیراق ئاشکرایکردووە، هیچ گۆڕانکارییەک لە نرخی فەرمی دۆلاردا ڕوونەداوە و وەک خۆی جێگیرە کە 132 هەزار دینارە بە هەر 100 دۆلارێک.

سەبارەت بەو بەرزبوونەوەیەی لە بازاڕەکاندا هەیە، بانکەکە ڕوونیکردووەتەوە، "ئەو نرخە بەرزەی ئێستا ماملەی پێوە دەکرێت، پێیوەندی بە خواستی بازاڕی ناڕەسمییەوە هەیە لە دەرەوەی سیستمی ئەو بانکە ڕێگەپێدراوانەی کاری حەواڵەی دەرەکی دەکەن".

بانکی ناوەندی هەکاری سەرەکی بەرزبوونەوەی دۆلار لە بازاڕی ڕەش (بازاڕی هاوتەریب) بە جێبەجێکردنی

”باجی گومرکی پێشوەختە“ دەگەڵنەتوە، کە وایکردووە خواست لەسەر دۆلار لە دەرەوەی سیستمی بانکی زیاد بکات.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، وەرگرتنی باجی گومرگی پێشوەختە بە مەبەستی حەوانەوە، فشارکی گوڕی لەسەر بازرگانان و داواکارانی دۆلاری نەقد دروستکردووە، ئەمەش هەکاری سەرکی بووە بە لاوازبوونی دینار لە بازاڕە ناوخێیەکاندا.

لە کتایدا بانکی ناوەندی جەختیکردووەتەوە لەوەی بەردەوامن لە چاودێریکردنی بازاڕ و گرتنبەری ڕەوشەنی پێویست بۆ جێگیرکردنی نرخ و پاراستنی بەهای دراوی نیشتمانی.